# پێڕست


كورتەی ژیانی سوارە ١

وتەیەك ٣

سوارە و پەخشانی كوردی ٦

سوارە / عەزیز كەیخوسرەوی ٤٩

ئاورێك وەسەر سوارە / ح . بەفرین ٥٨

سوارە لەبەر تیشكی نووسراوەكانیدا / ئەحمەد شەریفی ٦٥

دە ساڵ دوای سوارە / سەلاحەددین موهتەدی ٨٧

چاو خشاندنێك بە سەر شێعری "شار"ی سوارە / باوكی تارا ١٠٧

ڕەخنە لە سەر ڕەخنەی شێعری ... (١) / مارف ئاغایی ١٢٢

ڕەخنە لە سەر ڕەخنەی شێعری... (٢) / مارف ئاغایی ١٣٤

وەڵامی ڕەخنە / عەلی ڕێبوار ١٤٦

بەرەو شار / سەلاحەددین عەرەبی (ئاشتی) ١٦٠

ژیاننامەی سوارە / عومەر ئێلخانی ١٧٦

سوارە بوت نیە! / جەلال مەلەکشا ١٩٧

کێ کوتوویە "سوارە بوتە"..؟ / عومەر ئێلخانی ٢٠٤

لێکدانەوەی خەوە بەردینە (١) / مارف ئاغایی ٢١٤

لێکدانەوەی خەوە بەردینە (٢) / مارف ئاغایی ٢٣٣

سوارە / محەممەد حەمەباقی ٢٤٩

هێندێك تێبینی لە سەر لێکدانەوەی خەوە بەردینە / ئەحمەد قازی ٢٦١

وڵامی ڕەخنە / مارف ئاغایی ٢٧٤

دروشانەوەی سوارە / شەماڵ ٢٨٠

دو صمیمی / صلاح‌الدین عربی ( آ شتی) ٢٨٥

کوا شەنگەسوار؟ / سەلاحەددین عەرەبی (ئاشتی) ٢٩٤

من ئەڵێم / سەلاحەددین عەرەبی (ئاشتی) ٣٠٢

سوارە و دوو جار مەرگ / عومەر ئیلخانی ٣٠٧

شـەنـگەسـوار / مەنسوور حامیدی ٣١٠

سوارە و سێ سەرنج / عبدوالخالق یەعقووبی ٣٢٢

کتێبێك لە گفت و گۆدا / سەلاحەددین موهتەدی ٣٣٣

سێبەری "سوارە" هێشتا... / سەلاحەددین موهتەدی ٣٨٦

وێنەکانی سوارە ٤٢٤

سەرچاوەکان ٤٢٦

# وتەیەك

ئەم کتێبە کۆکرانەوە و لێکدانەوەی بەشێك لە تاپۆوبوومەلێڵی سوارە ئێلخانیزادەیە. تاپۆوبوومەلێڵ زۆر لەوە زیاتر و زانستیانەتر هەڵدەگرێ کە لە سەری بنووسرێ بەڵام لەم دەرفەتەدا هەر ئەوەندە لوا. هیوادارم ئەم کارە ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی لێکۆڵەرانی خاوەن بەهرە، پتر بە بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە هێژا و قەڵەم ڕەنگینەدا بچنەوە. بۆ ڕێز لێنان لە زەحمەت و ماندوو بوونی ئەو کەسانەی لە سەر سوارە دواون، بەرهەمەکانیان کراوەتە

مەیدانی خەبات بە هاوبەشی کردنی ئافرەتان بەربڵاوتر دەکا و هەستی هاوبەشی و شۆڕشگێری لە ناو ژناندا گەشە پێدەدا.

کاك سوارە، لای وایە "ئینسان لە هەموو هەل و مەرجێکا مافی ژیانی هەیە و بە درێژایی مێژوو ژیاوە و لەبەر تۆفان و با و بۆران و بەفر و سەخڵەت و سەرما وەستاوە."

پاراستنی مافی ژیان کەند و کۆسپی زۆر پڕمەترسی و هەوراز و نشێوی لە پێشە و ماڵوێرانی و دەربەدەری بە دواوە و هەزاران مەترسی گەلیتر، بەڵام ڕەوڕەوەی مێژوو ڕاناوەستێ، ماندوو نەبوونی گەرەکە و دۆزینەوەی ڕێگا چارە.

کاك سوارە، ڕووناکبیرێکی شارەزایە لە سەر ڕووداوەکانی ناوخۆ و دەرەوە و لە هەمان کاتیشا لە بارەی ژیاندا لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل دەکا و لە ئەنجاما دەنووسێ:

"تۆ ئەزانی تەنیا یەكجار بەزین، تەنیا یەكجار ترسان، کۆتێك ئەخاتە گەردنت کە هەرگیز لە دەستی ڕزگار نابی. بیر ئەکەیەوە سێ ڕێگا هەیە:

یەکەم سەرکەوتن و پڕ بە هەموو دەشت و دۆڵی چیا سەربەرزەکانت نەڕاندن:

ئەی خۆ بەختکارانی پێشوو، من سەرکەوتووم، من ڕۆڵەی حەلاڵی ئێوە بووم. داری خێر و خۆشی و ئازادی بەری هێنا، دادگەری سەرکەوت!

دووهەم، کۆڵنەدان و مردن، کە خۆی چەشنێکی ترە لە سەرکەوتن.

سێهەم، بەزین و سەرشۆڕی."

١٤ـ هەر ئەو سەرچاوەیە

١٥ـ لاس و خەزاڵ

١٦ـ چەکوشوە شێنی ڕۆڵەکوژراو

١٧ـ هەر ئەو چیرۆکە

١٨ـ هەر ئەو سەرچاوەیە

١٩ـ هەر ئەو چیرۆکە

٢٠ـ لاس و خەزاڵ

٢١ـ خاڵەی ڕێبوار

٢٢ـ ئافرەت

٢٣ـ چەکوشوە شێنی ڕۆڵەکوژراو

٢٤ و ٢٥ و ٢٦ـ چەکوشوە شێنی ڕۆڵەکوژراو

٢٧ـ هەر ئەو چیرۆکە

٢٨ـ لاس و خەزاڵ

٢٩ـ هەر ئەو چیرۆکە

٣٠ـ چەکوشوە شێنی ڕۆڵەکوژراو

٣١ـ لاس و خەزاڵ

٣٢ و ٣٣ـ لاس و خەزاڵ

٣٤ و ٣٥ـ خاڵەی ڕێبوار

٣٦ـ زوڵاڵترین پێکەنین

٣٧ـ زوڵاڵترین پێکەنین

٣٨ـ لاس و خەزاڵ

٣٩ـ خاڵەی ڕێبوار

٤٠ـ لاس و خەزاڵ

٤١ـ خاڵەی ڕێبوار

٤٢ و ٤٣ و ٤٤ـ زوڵاڵترین پێکەنین

٤٥ـ لاس و خەزاڵ

٤٦ و ٤٧ و ٤٨ـ زوڵاڵترین پێکەنین

کوردستانی ئێران و گرێدرانی لەگەڵ خەباتی سیاسی و چینایەتی و سەرەنجام شوێن و شوێنەواری سوارە لەو گۆڕان و گۆڕینە گرینگەدا.

زۆر جاریش لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لە سەری دواوم و هەر جار گۆشەیەکیم بە پێی توانا لێ شی کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە هەرگیز دەرفەتێکی وام دەست نەکەوتووە کە ماویەکی باش بە ئارامی و ئاسوودەیی دانیشم و خۆم بە تەواوی ترخان کەم بۆ وەدیهینانی ئەو ئارەزووە پیرۆزە خۆشەویستەم.

ئەگەر ڕاستت دەوێ لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە داگیرکەر لە چوار لاوە دەوری داوە و سەر تا پای بە ئاگر و ئاسن و دراو و درۆ تەندراوە، لە گشت لایەکیش ئاڵای بەرزی بەرەنگاری هەڵکراوە و لە هەر بستە خاکێكدا نەمامی بەژنی شۆڕە لاوێك نێژراوە، زیندان و شار بە دەرکران، چەك هەلگرتن و وەچیا کەوتن، ماڵوێرانی و سەرگەردانی ــ بۆ هەر ڕێبوارێکی ڕێبازی ڕزگاری ـ هاولفی هەوەڵین و هاوسەری هەتا سەرە!.

گیرسانەوە و حەسانەوەش تەنیا خەونی خۆش و خەیاڵی خاوی سەر پڕ سەودایە! وا ئێستاش "مامۆستای کورد" هەروەك "نووسەری کورد" ـ ماڵیان ئاوا ـ ناهێڵێ چیدی بە تەمای "کۆمەڵێکی ئازاد و کاتێکی ئارام" کارەکە وەدوا خەم و ناچارم دەکا بەرکولێك ــ هەرچەند کەم و کووڕ و کاڵ و کرچیش بێ ـ پێشکەشی خوێنەری خوێندەواری تامەزرۆ بکەم.

لە سوارە دوان بۆ من وەبووژێنەوەی بیر و بۆنی تەمەنی سی و چەند ساڵ بە یەکەوە بوونی بەردەوامە کە لە یەکەمین ساڵەکانی ژیانمانەوە لە ناو یەك بنەماڵەدا دەستی پێکرد و بە کۆچی بێوادەی سوارە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ (ڕێبەندانی ١٣٥٤)دا دوایی پێهات.

بەداخـەوە مـن ئـەم ژمارەیـەم وەدەسـت نەکـەوت و مـەمنوون دەبم ئەگـەر کەسێك هەیبێ و بۆم بنێرێ.

ئەم لێکدانـەوەی لەم دوو ژمارەی سروەدا لەمەودوا دەیبینن بۆچوونێکە سەبارەت بەم شێعرە بەرزە. من دڵنیام زۆرن ئەو کەسانەی ئەو شێعرەی لە مـن باشـتر دەناسـن بـەڵام بەداخـەوە کـەس تـا ئێـستا دەسـتی بـۆ قەڵـەم نەبردووە، هەرچەند ئێستاش درەنگ نیە. دەڵێن هونەرمەنـدی دەنگخۆش سەییدعەلی ئەسغەر لە دوو حاڵەتدا هونەرەکـــەی گـــوڵی دەکـــرد وتێیدەچـریکاند یەکـەمیان ئەودەمـەی بـوو کـە کیـژێکی جوانی دەدیـت و دووهەمیان ئەو کاتەی کـە کەسـێکی دەنـگ نـاخۆش گـۆرانی ئـەوی تەقلیـد کردبا. هیـوادارم ئـەمنیش وام بـە سـەر بـێ و ئەوانـەی دەزانـن مـن دەنگـم لـەوان ناخۆشـترە لـێم وەدەنـگ بـێن و نـەهێڵن کـاك سـوارەی خۆشـەویـست غەدری لـێ بکرێ.

بـەر لـەوەی کـە بـچمە سـەر باسـەکە دەبـێ چـەند مەسـەلەیەك ڕوون بکەمەوە:

مـن تـەنیا لـە بـاری مانـا کردنـەوە لـەم شـێعرە دواوم هەرچـەند دەزانم دەتوانێ لەگەڵ بارودۆخی سیاسی ئەوسای ئێران هەڵبسەنگێنرێ و... بەڵام پێم خۆش نیە شێعرێکی ئاوا پڕمانا بە مانایەکی تەسکی سیاسیـــــەوە ببەستمەوە، با لەو بارەدا خوێنەر بۆخۆی نەزەر بدا.

لە پێشدا سەنعەتی شێعری و باری فەننی شێعرەکەشی باسی لێکرابوو، بۆ وێنە ئەگەر لە وێنەیەکدا جینـاس، تەناسـوب، تــەزاد، شـوبهاندن و... هەبوو شیکرابۆوە بەڵام لە سەر پێشنیاری برایانی دەستەی نووسەران ئـەم بەشەم قرتاند هەتا باسەکە تێکەڵ نەبێ.

گرچه تصاویر و گرته برداریها گاهی آنچنان آنی است که ممکن است انسان متوجه این قضیه نشود، ولی استثمار فعل «توانستن» در یک وزن و بحر مشترك، این راه را هموار میسازد. حتی در پارەای موارد تکرار کلمات و ترکیبات بسیار آشکار است،

*«میتوان گودال بارانهای دوشین را*
*با صفای بچه معصوم*
*گفت:*
*اقیانوس*
*یا که چشم میشی مغموم*
*در واپسین نگاه انگاشت.»*

*«سواره»*

*«میتوان چون آب در گودال خود خشکید.»*

*«فروغ»*

*«میتوان*
*در کوچەهای خاکی مهتاب*
*بازتاب سکەای را*
*کز میان کیسه چرکین کور عابری*
*افتاده در راه*
*قرص مه پنداشت.»*

*«سواره»*

*«میتوان با سکەای ناچیز ایمان یافت.»*

*«فروغ»*

«سواره» با پیروی از فروغ نیش طنز را در پیکر بی‌تفکر و پوسیده جامعه‌ای مملو از پوچی و پوچگرایی فرو میبرد که تا شاید بتواند رعشه‌ای بر آن وارد سازد و یا تعبیری عمیق از «زیستن» و «جاودانه بودن» و «جاودانه ماندن» را ارائه نماید.

سواره، زندگی را با نشان دادن اولین تصویر که همان کور عابری است آغاز میکند. انسانی که نعمت و لذت دیدن زیبایی و زشتیها را باخته و حتی از توان دوباره برداشتن سکه سعادت تکدیگری بهره‌ور نیست. سکه بی‌ارزشی که میتوان در نظر آدمهای خیالباف همچو «قرص ماه» چهره بنمایاند...!

این کیست که مرتکب چنین تصوری میشود؟

آیا این تنها همان انسان نابیناست که بواسطه بخت برگشتگی بازتاب و انعکاس صدای چندین سکه برای او بهتر از درخشش مهتاب است یا اکثر قریب به اتفاق افراد ساده‌اندیش و ساده‌لوح جامعه نیز چنین فکر میکنند؟!...

تصور این نکته هرچه که باشد، این آغاز راه است، آغازی بسیار تلخ...!

او در ادامه به دنبال توانستنها در خیال خود بر مزار نیک‌نامان تأملی دارد و معنویت و پاکی را برای هر دو جهان توصیه میکند، ولی با تمسخر آن «اندیشه کلیشه‌ای» را که میتواند یکی از عوامل انحراف جامعه باشد، به باد انتقاد میگیرد.

«سواره» در سراسر این راه گاه سهل و کوتاه و گاه سخت و طولانی به دنبال گمشده‌ای است که در عبور دادن خواننده از پیچ و خمها و فراز و نشیبها میخواهد به او بفهماند که فکر کند و از چالشها، لذات جسمانی و تصورات مادی به گونه‌ای محسوس بکاهد و رهسپار دنیای معنویات که همانا یافتن «یک

**کوردی ژیابێت،** لە سەردەمێکدا کە بە کوردی مردن کاری هەموو "پاراوی ئاو"ێك و "خێڵی درۆ"یەك بوو بەڵام بە کوردی ژیان تەنیا لە دەسەڵاتی ئەو کەسانەدابوو کە دەیانزانی:

***نەوەستان ئەوەستێ بە دەستێ***

***کە خاراوی ئێش و سواوی سوێ بێ***

***لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە***

***ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و بازوێ، تا بژی تا بمێنێ***

***هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی رووحی ئاوە***

---

١ـ تاپۆ و بوومەلێڵ، سواره ئیلخانیزاده، ١٣٧٩، نشر پانیز، ل ٨٣.

٢ـ هـ.س، ل ٨٤.

٣ـ هـ.س، ل ٨٤.

٤ـ هـ.س، ل ٢٤٤.

٥ـ هـ.س، ل ٢٥١.

خۆی تاقی بکاتەوە لەو مەیدانە، وە چۆن "هەژار" کردبووی بە کوردی، ئەویش جارێکی دیکە شێعرەکەی "هەژار"ی سەر لە نوێ ڕێك خستەوە و کردێوە بە کوردی. بۆیە میسرەعی ئەوەڵی بۆ ئەوەی کە نیشانی بدا شێعرەکەی لە "هەژار" وەرگرتووە، و نەڵەن دزی کردووە، بۆیە میسیرەعی یەکەمی شێعری عەینی میسرەعەکەی "هەژار" دووپات دەکاتەوە.

ئەو دەڵێی: ***"پایزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە"*** ئەم دەڵێی: ***"پایزە دار و دەوەن بێ بەرگە"*** بەم تەرتیبە ویستی بڵێ کە ئەوە شێعرێکە وەدووی "هەژار" کەوتووە.

ئەو شێعرە زۆری دەنگ دایەوە. هومێدەوارم ئەوانەی کە موسیقا دەزانن و دەنگیان خۆشە بتوانن ئەو شێعرەی "هەڵۆی سوارە" بکەن بە سروود، چونکە یەکێك لە باشترینی ئەو شێعرانەیە کە هەڵدەگرێ بکرێ بە سروود.

پ: ئەوکات کە باسی گۆرانکاری، یا فەرهەنگی و ڕۆشنبیریتان ئەکرد لە ئێران، هێندێك گۆرانکاری سیایش هەبوو، بەشداری کردنی کاك "سوارە" ئەوکات لە بزوتنەوەی خۆیندکارانی چەپی ئێرانی ئەمانە چ تەئسیر و گۆرانکارێکیان هەبوو. هەر لەو کاتەدا جەنابت دەبینی بزوتنەوەی "سیاەکەل" تەئسیرێکی زۆری هەبوو لە سەر زۆربەی ڕۆشنبیران، وە گۆرانکارێکی زۆری دروست کرد؟

**و: جا با پێت بڵێم حەرەکەتەکەی خۆینەکارانی کورد لە کوردستانی ئێران، پێش ئی "سیاەکەل"یشە وەختێك کۆمەڵگای ئێران گۆرا، لە ناخەوە گۆرا، پەیوەندی ئابووری گۆرا، ڕێگا نەبوو، ئەم گۆرانکارییە دەبوو تەئسیری خۆی بکاتە سەر ئەدەب و "فەرهەنگ"یش. قسەی تازە هاتە**

هەیمەنەی ئەم شێعرە بە سەر هەموو شێعرەکانی کاك "سوارە"وەیە، پێت وایە ئەم شێعرە لووتکەی نوێخوازی، وە لووتکەی ئیبداعی کاك "سوارە"یە لە شێعرییا؟

**و: وەڵا ئەگەر ورد بمهەوێ قسە بکەم، نەك لووتکەی ئیبداع و داهێنانی "سوارە"یە لە شێعری کوردیدا، بەڵکوو لووتکەی ئیبداع و داهێنانی شێعری کوردییە لە کوردستانی ئێران.**

**هەر لە سەرەتای دەستپێکرانی شێعری نوێڕا تا ئێستا، ئەمە دەلیلێك. دەلیلی دووەم ئەمەیە، درێژترینی شێعرەکانێتی لە باری قەوارەوە، سێهەمی گرانترینی، وە هەروەها پڕ ڕەمز و ڕازترین و نادیارترینی شێعرەکانیشێتی. هەموو ئەوانە وای لێ کردووە کە بە لای منەوە حەقی خۆیان بووە ئەگەر ناوی دیوانەکەیان ناوە "خەوە بەردینە".**

پ: ئەم شێعرە زۆر قورسە، وە ڕەنگە بەشێکی زۆر لە خۆینەرانی کاك "سوارە" لە راستییا تێنەگەن کە مەبەستی کاك "سوارە" چییە؟ لەبەر ئەوەی تۆ دەزانی زمانی شێعرەکە زمانێکی ڕەمزییە، ئەگەرچی ئەم شێعرە تارمایی ڕۆمانتێکی بە سەرەوەیە یان تەئسیری ڕۆمانتێکی بە سەرەوەیە، بەڵام ئەم شێعرە، شێعرێکە، وادیارە شێعرێکی ڕەمزییە.

دەمهەوێ داوا لە جەنابت بکەم، بڵەم بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە چۆن ئەو شێعرە ئەخوێنیتەوە؟ چۆن ئەو شێعرە باس دەکەی. ئەم شێعرە دەیهەوێ لە چی بدوێ؟

**و: کەسێك باسی شێعری نوێی کوردستانی ئێران دەکا، دەبێ ئەوە بزانێ کە هەلومەرجێك کە شێعری کوردستانی ئێرانی تێدا داندرا، ئەو**

ئێراندا رووی دابوو، وه پیویستی بەوه هەبوو قالبی نوێ بدۆزێتەوه بۆ بەیانی شێعری کوردی. ئێمە لە مێژ بوو قسەمان لەوەی دەکرد و دادەنیشتین و لە ناو چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوە خوێندکارییەی‌دا کە خەباتی سیاسی دەکرد، بەڵام بەشی زۆری خەباتەکە، خەباتی فەرهەنگی، کولتووری ئەدەبی کوردی بوو. قسە لەوە دەکا، شێعری کوردی دەبێ کام ڕچە بگرێتە بەر؟

پ: حەز دەکەم کاك "سەلاحەددین"، باسێك لەسەر شێعرە فارسیێیەکانی کاك "سوارە" بکات کە هەر وەکوو دەزانین شێعرە فارسیێیەکانی کاك "سوارە"ش کاریگەرێکی زۆریان هەبووە لە حەرەکەتەکانێك کە کاك "سەلاحەددین" بۆ خۆی ئامەژەیان پێدەکا.

بەتایبەت هەر وەك دەزانین کە زۆریش لە گۆڤاری "خوشە"دا کە شاعیری گەورەی فارس "ئەحمەد شاملوو" بلاوی دەکردەوە، بلاو دەبۆوە. جا حەز دەکەم لە ڕوانگەی کاك "سەلاحەددین"نەوە کاریگەری ئەم شێعرە فارسیانە بزانم چۆنە؟

پرسیاری دووەم ئەوەیە کاك "سەلاحەددین" پێم‌خۆشە شی بکاتەوە کە میزانی تەئسیرپەزیری تەئسیر وەرگرتنی کاك "سوارە" تا چ ڕادەیەك لە شێعری نوێی کوردی لە کوردستانی عێراق بوو؟ وە تا چ ڕادەیەك لە شێعری نوێی فارسی بوو لە ئێراندا؟

و: ئەمن لە پرسیارە دووهەمەکەیەوە دەست پێدەکەم. چونکە خۆشم هەر لە سەر ئەوە خەریك بووم بڕۆم. لەو لێکۆڵینەوە کە ڕێبازی شێعری کوردی دەبێ چۆن بێ ئێمە چیمان لەبەر دەست دابوو؟ دیارە کە دەڵێم ئێمە، ئەمن شاعیر نەبووم، بەڵام من ڕەخنەگری ئەدەبی بووم، کارم لەگەڵ

کە هێشتا ئاوی پێدا نەهاتووە عادەتەن خیزەکانی سپین. ئەوە گەرووی روونی ئاوە، ئاو بە وێدا هومێد دەکا کە بیتە دەرێ:

*بە فانۆسی ئەستێرە بەر چاوی روونە*

*لەبەر پێی حەریری کەوەی سێوەرە*

*بە پوێ مانگە شەو چندراوە.*

جا لێرە دایە کە دەڵێ بۆ ئەم کچی نوورە پێشوازی دەکرێت. ئەم پێشوازییەی چۆن لێ دەکرێت. ئەستێرە دەبێتە فانۆسێکوو، رووناکایی بۆ رادەدێرێت.

پ: ئەم تەشبیهـ زۆر سەیرە، یانی لە شوێنێکا کچی نوور دێتە دەرەوە، وە لە شوێنێکا ئەستێرە کە ئەویش هەر نوورە، پێشوازی لێ دەکا ئەمە پێت وانیە تا ئێرە ئەم تابیەتیە تایبەتە بە شێعری کاك "سوارە". سەیرکە کاك سەلاح مەسەلەن مومکین نیە لە شێعری شاعیرێکی دیکەدا تو شتێکی بە جوان تەشبیهـ کەی و جوانەکەش بە جوانێکی کە تەشبیهـ کەی.

و: تۆ جوانی بۆ چووی کاك "ڕاسان"، هەر هەموو "خەوە بەردینە" یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم خەسڵەتەیە. "سوارە" بە یەك تەشبیهەوە ناوەستێ، جاری وایە دوو و سێ و چوار تەشبیهە دێنێ. لە بەینی هەر چواریاندا موناسەبە ساز دەکا و جا ئەم جارەکە مەڕامەکی خۆی، کە ئاوەکەیە یا تەسویرێکە، کە دیهەوێ ئەو تەسویرە بە گوێی خوێنەر بگەیەنێت بەیان دەکا.

پ: لە پشتی فانۆسیشەوە یەك پرسیاریتر دروست دەبێ، فانۆس تیشکێکی کەم ئەدا، رووناکایەکی کەم ئەدات، بۆ ئەوەندە بە شتی وردەوە

پێشیان ناوەکییە، ئەوی دوایان دەرەکییە. ئەم کارەی ئێمە، ئەم بزووتنەوەی کە ئاو دەیکا، ئەم حەرەکەتەی کە حەرەکەتی میللەتە و تەشبیە کراوە بە ئاو پێویستی بە دوو بزووتنەوە هەیە. بزووتنەوەیەکی داخیلی لە دەروونی خویدا، وە بزووتنەوەیەکیش بۆ بەرەو پێش هەنگاونان. ئەوەی کە پێ دەڵێن بزووتنەوەی ناوەکی و دەرەکی ـ کە دەڵێ تا بژی تا بمێنێ. ئەمە تای وەخت نیە، ئەمە تای عیللەتە، بۆ ئەوەی بژی، بۆ ئەوەی بمێنێ دەبێ هەرگیز نەوەستێت.

*هەر بژی و لە عەینی حاڵدا هەر بازوێ*

هەناوی بە هەنگاوە، بەوە دەژی کە هەنگاو بنێ، نەسرەوتنە کوولەکەی رووحی ئاوە. ئەمە "خەوە بەردینە" بوو.

بەڵام من هیوادارم مەعنای لێ بدەنەوە، بەڵام گوێگران و هەموو خەڵکەی دیکە دەزانن پێویستی بە زۆر شی کردنەوەی دیکە بوو، کات ڕێگای نەدەداین.

پ: پێم خۆشە وڵامی ئەم چەند پرسیارە بدێتەوە:

لە سەر تا پای ئەم شێعرە و لە سەر تا پای شێعرەکانی تری کاك سوارە، ئێمە ئەبینین شێعری کاك سوارە، یانی خودی کاك سوارە، لە سەردەمێکا ژیاوە، کە سەردەمی چوونە ناو ئەو شۆڕشانە و یان ئەو جەریانە سیاسیانەوە بووە کە جەریانی گشتی و کۆمەڵایەتی بوون، بە تایبەت جەریانی شار بوون، مەسەلەن ئەم هەموو حیزبە سیاسیانەی کە لە سەردەمی خویدا، ئەو جەریانە سیاسیانەی لە سەردەمی خویدا لە ئێرانا هەبوون، هەمووی ئەو ڕەوتە سیاسیانە بوون کە بنکەکەیان شار بووە، کاریان ئەکرد بۆ فراوان بوونی ئەو بنکە شارییە. بەڵام کاك سوارە

